پەیرِە و پرۆگرامی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە

دووەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە

(٥ / ٤ / ٢٠٠٧)

ماددەی (١)/ ناو

کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە

ماددەی (٢) / ئـــــارِم

وێنەی عمری خاوەر ,

رەنگی ئالآی کوردستان+کوڵە نێرگز لەناو نەخشەی کوردستان ,کەلەناو بازنەیەکدایە بەهەرسآ زمانی (کوردی –عەرەبی) ئینگلیزی) ناوی کۆمەڵەی تێدانوسراوە

ماددەی (٣) / پێناسە

کۆمەڵەیەکی سەربەخۆی مرۆڤ دۆستانەی کوردستانیە و داکۆکی دەکات لە مافەکانی کەسوکاری شەهیدان و بەرکەوتوانی کیمیایی و قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە ، تاکە نوێنەری ئەم چینە پرِ قوربانیەیە و لەبەردەم دام و دەزگا حکومی و ناحکومیەکانداو لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان بەم ئەرکی نوێنەرایەتیە هەڵدەستێت.

ماددەی (٤) / دروشم

مافی مرۆڤ , ئاوەدانی , ئاشتی

مادده (٥)/ شوێن

ئۆفیسی گشتی(سەرەکی) لە شاری هەڵەبجەی شەهیدایە و بەپآی پێویست و تواناداری ئۆفیس لەشارەکانی تری کوردستان دەکاتەوە.

ماددەی (٦) / ئامانجەکانی

ئامانجەکانی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە بریتیە لە:

١) قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەوی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە .

٢) فریاکەوتنی بەرکەوتوانی کیمیابارانی هەڵەبجە و هەوڵدان بۆ دابین کردنی چارەسەر بۆیان.

٣) دادگایی کردنی هەموو ئەوکەس و لایەن و کۆمپانیایانەی کە دەستیان لە تاوانی هەڵەبجەدا هەبووە لە ناوەوەو دەرەوەی عێراق و سەندنی قەرەبوو لێیان.

٤) نوسینەوەی مێژووی کارەساتی هەڵەبجە و چۆنیەتی ڕووداوەکە و بەشێوازێکی زانستی و دۆکۆمێنتی و بە زمانی کوردی و عەرەبی و زمانەکانی تر..

٥) نەهێشتنی ئاسەواری کارەساتی کیمیاباران و کاولکاری و وێرانی لەناو شاری هەڵەبجە و دەروبەریدا.

٦) بەڕەسمی ناساندنی (٣/١٦)ی هەموو ساڵێك وەك رۆژی ماتەمینی لەئاستی عێراق و کوردستاندا.

٧) دۆزینەوەی ئەو کەس و منداڵانەی کەلەکارەساتی کیمیاباران دا لە خێزانەکانیان وون بوون و دابڕاون.

٨) ناردنە دەرەوەی بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی و لە ئەستۆ گرتنی خەرجی چارەسەرکردنیان لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

٩) دابینکردنی زەوی و خانووی نیشتەجآ کردن بۆ قوربانیانی کارەساتەکە.

١٠) هێنانەوەی رووفاتی شەهیدانی کیمیاباران لە ئێران و هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی کیمیاباران وسەرلەنوآ ناشتنەوەیان بە شێوازێکی شیاو...

١١) دابین کردنی زەماڵەی خوێندنی باڵآ لەدەرەوەی وولآت بۆ خوێندکارانی کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە .

١٢) کردنەوەی سەنتەری ڕۆشنبیری و زانستی و کۆمەلآیەتی بۆ کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە .

١٣) ناساندنی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە به جینۆساید لەهەموو ئاستە نێودەوڵەتیەکاندا.

مادەی (٧)/ ئامرازەکان

١) به ئاگاهێنانی ڕای گشتی جیهانی و نێوخۆیی لەگەورەیی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕێگای دەزگا ڕاگەیاندنە ناوخۆیی و دەرەکیەکان.

٢) بەشداری کردن لە بۆنە و مەراسیم و یادەوەری کارەساتەکە ناوچەیی و جیهانی یەکانی هاوشێوەی هەڵەبجە .

٣) هاوکاری کردنی هەموو ئەو نێوەندو و لایەنە زانستیانەی توێژینەوە لەسەر کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە دەکەن.

٤) دروستکردنی ئەرشیفێکی وێنەیی دیکۆمێنتی لەسەر کارەساتی کیمابارانی هەڵەبجە .

٥) چاپ کردنی ئەلبومێکی وێنەیی شەهیدانی کارەساتەکە لەگەلأ زانیاری تەواوی کەسوکار و شوێنیان.

٦) هەماهەنگی کردن لەگەلأ شارە هاودەردەکانی هەڵەبجە وەك (سەردەشت و هێرۆشیما و ناکازاکی و مەرزەبۆتۆ و هانۆڤەر هتد...) لەپێناو قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی و بەدەمەوە هاتنی قوربانیەکان.

٧) هاوکاری کردنی ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراو و دەزگایانەی کە ئامانجەکانیان لە ئامانجەکانی کۆمەڵەوە نزیکە.

مادده‌ی (٨)/ ئه‌ندامێتی كۆمه‌ڵه

ئه‌و كه‌سه‌ی ده‌بێته ئه‌ندامی كۆمه‌ڵه‌ی قوربانیانی كیمابارانی هه‌ڵه‌بجه ده‌بێت ئه‌م مه‌رجانه‌ی تێدابێت:

١)   وارسی(پله یه‌ك)ی شه‌هیدی كیمیابارانی هه‌ڵه‌بجه بێت ,پێناسه‌ی كۆمه‌ڵه‌ی قوربانیانی كیمیابارانی بۆ كرابێت , یاخود به‌ركه‌وتووی كیمیابارانی هه‌ڵه‌بجه بێت (كه به‌راپۆرتی پزیشكی لیژنه‌ی پزیشكی تایبه‌ت به پشكنینی به‌ركه‌وتوانی كیمیایی ساغ بووبێته‌وه كه به‌ركه‌وتوی كیمیاییه , وه له لایه‌ن كۆمه‌ڵه‌وه پێناسه‌ی بۆ كرابێت .

٢)   كه‌سێكی ڕابردوو پاك و نیشتمان په‌روه‌ربێت.

٣)   ته‌مه‌نی له هه‌ژده سالأ كه‌متر نه‌بێت.

٤)   داوای ئه‌ندام بوون پێشكه‌ش به‌كۆمه‌ڵه بكات.

٥)   ئابونه‌وه‌ی سالآنه بدات.

ماده‌ی (٩)/ مافی ئه‌ندام

ئه‌ندام مافی ئه‌وه‌ی هه‌یه ره‌خنه‌و راسپارده و پێشنیار ئاراسته‌ی كۆمه‌ڵه بكات و له گۆنگره دا به‌شدابێت بۆ ده‌سته‌ی بالآ مافی خۆپالآوتن و پالآوتنی كه‌سانی كه‌ی هه‌یه به‌پآی مه‌رجه‌كان.

ماده‌ی(١٠)/ له‌ده‌ست دانی ئه‌ندامێتی

ئه‌ندامی كۆمه‌ڵه له‌م بارانه‌دا ئه‌ندام بوونی خۆی له‌ده‌ست ده‌دات:

١)   ئه‌گه‌ر ڕێزی نه‌گرت له‌پرۆگرامی كۆمه‌ڵه و ئه‌وه‌ش به‌ڵگه ساغ بوویه‌وه.

٢)   ئه‌گه‌ر خۆی به‌نوسین ده‌ستی له‌كار كێشایه‌وه.

٣)   ئه‌گه‌ر نهێنیه‌كانی كۆمه‌ڵه نه‌پارێزێت.

٤)   ئه‌گه‌ر ئابوونه‌وه‌ی سالآنه نه‌دات.

٥)   ئه‌گه‌ر حوكم درابێت به زیاتر له‌ساڵێك له‌لایه‌ن دادگاوه.

مادەی (١١)/ سزادان

ئەندامی کۆمەڵە لەکاتێکدا سەرپێچی یەك ئەنجام دەدات پاش ساغ بوونەوەی بەسەری دا بەشێوەی تدریج بەم شێوەیە سزادەدرێت:

١) ئاگادار کردنەوە .

٢) سەرزەنشت کردن.

٣) راگرتنی ئەندامێتی.

٤) دەرکردن بە هێجگاری لەکۆمەڵە.

مادەی (١٢) / پەیکەری کۆمەڵە:

کۆمەڵە پێکدێت لە

١) ئەندامانی کۆنگرە.

٢) دەستەی باڵآی کۆمەڵە.

٣) سەرۆکی کۆمەڵە و جێگرەکەی.

٤) کۆمیتەکان ئۆفیسەکان .

٥) بەشەکانی کۆمەڵە.

مادەی (١٣)/ دەستەی باڵآی کۆمەڵە

أ/ دەستەی باڵآ لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە هەڵدەبژێرێن لە کۆنگرەدا.

ب/ ژمارەیان (١١) ئەندامی سەرەکی و (٢) ئەندامی یەدەکە.

ج/مەرجەکانی ئەندامێتی دەستەی باڵآ:

١) دەبێت كەسێكی لێهاتوو نیشتمان پەروەر ورابردوو پاك بێت.

٢) تەمەنی لە(٢٣) سالأ كەمتر نەبێت.

٣) كەسی پلەیەكی شەهیدی كیمیاباران بێت.

٤) خوێندەواری هەبێت.

٥) شارەزایی هەبێت لەكاری رێكخراوەییدا.

د/ ئەرك و مافەكانی دەستەی بالآ:

١) سەرپەرشتی كردنی كارەكانی كۆمەڵە بەهەموو بەش و ئۆفیسەكانەوە.

٢) هەڵبژاردن و دابەشكردنی پۆستەكانی كۆمەڵە.

٣) دانانی پلانی دارایی كۆمەڵە.

٤) دانان و بەئەنجام گەیاندنی نەخشە كاری یەكانی كۆمەڵە

٥) هەڵدەستێت بەدانانی لائیحەی كار بۆبەش و ئۆفیسەكان.

٦) هیچ بڕیار و راسپاردە و هەڵوێستێك لە كۆمەڵەدا بآ رەزامەندی ٣/٢ ی دەنگەكانی دەستەی بالآ ناچێتە بواری جآبەجآ كردنەوە.

٧) مانگی جارێك دەبێت كۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجام بدات.

ە/ لەسەر كارلابردنی ئەندامی دەستەی بالآ/

ئەو هۆیانەی دەبنە مایەی لەسەركارلابردنی سەرۆك و جێگری سەرۆكی كۆمەڵە بەهەمان ئەو هۆیانەوە ئەندامی دەستەی بالآ لەسەر كار لادەبرێت

مادەی (١٤)/سەرۆكی كۆمەڵە

أ/ سەرۆکی کۆمەڵە پاش هەڵبژاردنی دەستەی باڵآی کۆمەڵە لە کۆنگرەدا لەلایەن دەستەی باڵآی کۆمەڵەوە و لەنێو خۆیاندا بەنیوەی دەنگەکان+١ هەڵدەبژێرێت.

ب/ مەرجەکانی سەرۆك کۆمەڵە/

١) دەرچووی شەشەمی ئامادەیی بێت, یاخود هەر بڕوانامەیەکی هاوتای شەشەمی ئامادەیی هەبێت.

٢) تەمەنی لە(٣٠)ساڵ کەمتر نەبێت.

٣) کەسێکی ڕابردوو پاك و نیشتمان پەروەربێت.

٤) لانی کەم سآ ساڵ کاری ڕێکخراوەیی ئەنجام دابێت و شارەزایی لەکاری ڕێکخراوەییدا هەبێت.

٥) وارسی شەهێدێك یان چەند شەهیدێکی پلەیەکی کیمیابارانی هەڵەبجە بێت.

ج/ ئەرك و مافەکانی سەرۆکی کۆمەڵە

١) بەسەرۆکی کۆمەڵە دەناسرێت و نوێنەرایەتی کۆمەڵە دەکات لەکۆڕ و کۆبونەوەکاندا لەبەردەم دام و دەزگا رەسمی و نارەسمییەکان دا و لەناوەوە و دەرەوەی ووڵآت.

٢) بانگ کردنی ئەندامانی دەستەی باڵآی کۆمەڵە بۆ کۆبوونەوەی ئاسایی و نائاسایی.

٣) ئیمزاکردنی نوسراو و واژۆی کۆمەڵە.

٤) ئیمزا کردنی هەرگرآ بەست و بەڵێن نامە و بڕیارێکی کۆمەڵە بەمەرجآ رەزامەندی نیوەی +١ی رای ئەندامانی دەستەی باڵآ لەسەریان وەربگرێت .

٥) سەرپەرشتیکردن و جآبەجآ کردنی پلانەکانی دەستە باڵآ.

٦) مافی خەڵآت کردنی ئەندامانی هەیە لەسەر چالاکیەکانیان.

د/ لەسەر کارلابردنی سەرۆکی کۆمەڵە

سەرۆکی کۆمەڵە لادەبرێت لەسەر کار ئەگەرهاتوو:

١) پێچەوانەی پەیرِە و پرۆگرامی کۆمەڵە جولآیەوە.

٢) بۆ بەرژەوەندی کەسی خۆی کاری کرد.

٣) کۆمەڵەی ئالودەی حیزبایەتی و ململانآی نابەجێ کرد وە ئەمەش بەبەڵگە ساغ بوویەوە.

٤) گوآ رایەڵی سپاردەکانی دەستەی بالآ نەبوو.

٥) خۆی دەستی لەکار کێشایەوە و لە لایەن دەستەی بالآوە قبوڵ کرا

ماددەی (١٥) /جێگری سەرۆکی کۆمەڵە

ا/ بۆهاوکاری کردنی سەرۆکی کۆمەڵە و پاش هەڵبژاردنی دەستەی بالآی کۆمەڵە لە کۆنگرەدا بەنیوەی دەنگەکانی دەستەی بالآ+١ دەست نیشان دەکرێت.

ب/ مەرجەکانی جێگری سەرۆکی کۆمەڵە

هەمان مەرجەکانی سەرۆکی کۆمەڵە.

ج/ ئەرك و مافەکانی/

١) لە ئامادە نەبونی سەرۆکی کۆمەڵەدا ئەرك و مافەکانی سەرۆکی کۆمەڵە وەردەگرێت.

٢) سەرپەرشتی ئۆفیسەکانی کۆمەڵە دەکات.

مادەی (١٦) كۆنگرە

أ/ پێناسەی كۆنگرە/ باڵاترین دەسەڵاتە لە كۆمەڵەدا سآ ساڵ جارێك دەبەسترێت جگە لە بارە نائاساییەكان و بەبانگهێشتی دەستەی باڵآ.

ب/ ئەندامانی كۆنگرە بریتین لە هەموو ئەو ئەندامانەی كۆمەڵە كەمەرجەكانی بەئەندام بوونی كۆمەڵە یان تیایە وەك لە ماددەی (٨)ی ئەم پەریرِەوەدا هاتووە.

ج/ پێش كۆنگرە كۆنفرانسێك ئەبەسترێت بۆ قوربانیانی كیمیاباران و كەسوكاری شەهیدان.

د/ ئەركەكانی كۆنگرە

١) هەمواركردنی پەیرە و پرۆگرامی كۆمەڵە لانی كەم بەنیوە+١ ی دەنگەكان.

٢) گفتوگۆكردن لەسەر راپۆرتی كۆتایی دەستەی باڵآ و هەڵسەنگاندنی.

٣) هەڵبژاردنی دەستەی باڵآی كۆمەڵە لە رێكەی دەنگدانی نهێنیەوە.

٤) دارِشتنی ئامراز و ئامانەجەكانی كۆمەڵە ودەركردنی برِیار و راسپاردەكان لەو بارەیەوە

٥) برِیاردان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵە، یاخود گۆرِینی ناو یان یەكگرتنی لەگەڵ هەر كۆمەڵە و رێكخراوێكی تری هاوئامانجدا بەزۆرینەی دەنگەكان.

مادەی (١٧) / ئۆفیسەكانی كۆمەڵە

أ/ كۆمەڵە بۆ زیاتر خزمەتكردنی كەسوكاری شەهیدان و قوربانیان كە پەرتەوازەبوون لەچەندین شاردا جگە لە هەڵەبجە بارەگای لە شارەكانی تردا هەبێت,

ب/ ئۆفیسی گشتی (سەرەكی) لەشاری هەڵەبجەی شەهید دا دەبێت و لەشارەكانی سلێمانی و قەزای شارەزوور و خورماڵ ئۆفیسی دەبێت.

ج/ بەپآی توانا و پێویستی ئۆفیس لە شوێنەكانی تردا دەكاتەوە.

د/ هەر ئۆفیسە و ئەندامێکی دەستەی باڵآ سەرپەرشتی دەکات

هـ/ هەر ئۆفیسە و بەپآی رێژەی بوونی ژماری وارسی شەهیدان و قوربانیانی کمیاباران لەو سنورەدا ئەرکی بەسەردا دەدرآ و مافی پآ دەدرێت.

و/ لەلایەن دەستەی باڵآوە نەخشەی کاریان بۆ ئامادەدەکرێت

ماددەی(١٨) بەشەکانی کۆمەڵە

ا/ کۆمەڵە ئەم بەشانەی دەبێت:

١) بەشی کارگێڕی

٢) بەشی کاروباری نەخۆش وبریندارانی کیمیایی

٣) بەشی ژمێریاری.

٤) بەشی پەیوندیەکان.

٥) بەشی راگەیاندن.

٦) بەشی ئەرشیف

٧) بەشی کۆمەڵآیەتی

٨) بەشی بەدوادا چون و لێکۆڵینەوە

٩) بەشی ئامار

ب/ هەربەشەو ئەندامێکی دەستەی باڵآ سەرپەرشتی دەکات ، بەڵآم ئەرشیف لەلایەن هەمان ئەندامی دەستەی باڵآوە سەرپەرشتی دەکات. کە سەرپەرشتی بەشی راگەیاندنیش دەکات.

ج/ لەلایەن دەستەی باڵآی کۆمەڵەوە نەخشەی کاری هەموو ئەم بەشانە هەموار دەکرێت.

ماددەی (١٩)/ سەرچاوەی دارایی کۆمەڵە

١) ئابوونەوەی ئەندامان.

٢) یارمەتی و کۆمەکی بآ مەرجی لایەن و رێکخراو و کەسایەتیەکان.

٣) بودجەی بڕاوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٤) داهاتی پرۆژەکانی کۆمەڵە ئەگەرهەبوو.

ماددەی(٢٠) تۆمارەکانی کۆمەڵە/

١) تۆماری ئەندامان.

٢) تۆماری شەهیدان.

٣) تۆماری بریندارانی کیمیایی.

٤) تۆماری کەلوپە و موڵکەکانی کۆمەڵە.

٥) تۆماری ژمێریاری .

٦) تۆماری هاتوو و دەرچوو.

٧) تۆماری سەردان و چالاکیەکانی کۆمەڵە.

٨) تۆماری کۆبوونەوەکانی کۆمەڵە.